ROJî GEl , Weekly Newspapper Issued By: Rizgary Party of Kurdistan-RPK

## ئەگەڕێمەوە



**جەوهەر میراودەلی**

من ئیتر بۆ لای تۆوە،
غەریبیش بۆ ماڵی خۆی ئەگیرمە وە.
من ئیتر تەنها، بەشی تەنهای و
ئەشق و، نازەکانی تۆ ئەکەم
دۆسیەی ئەو تەنهایەی خۆم ئەپێچمەوە.
من بۆ لای تۆوە، غەریبیش بۆ ماڵی خۆی
من ئتر، بۆباوەشی تۆوە!
لەناو هەناسەی گەرمی تۆ دا ئەتوێمەوە.
من ئیتر بەرگەی دوری تۆ ناگرم
غەریبی بۆ ماڵی خۆی و
منیش بۆ لای تۆ دێمەوە...

خودا، بۆ ئەشق ئیمەی دروست کرد
منیش شغرم لەشێوەی تۆ دروست کردوە.
من ئیتر، بەرگەی نوسینی شغریش ناگرم
چونکە، رۆحمم گوم کردوە.
من بۆلای تۆوە، غەریبیش بۆ ماڵی خۆی
تۆ من و، منیش تۆم خۆش ویستوە.
ئیتر هەموو ریگاکانی گەرانەوە
بەرەو بەرائەتی ئەم ئەشقەمان
سەری خۆیان هەلگرتوە.
غەریبی بۆ ماڵی خۆی و
منیش، ئیتر بۆ ماڵی دلی تۆ
من ئیتر، وینەی تەنهای و
ئەشقە جوانەکەی تۆم هەلگرتوە..

jawharmiravdaly@yahoo.com

# شەجەریان لە باشووری کوردستان ئاهەنگ دەگێڕێ



هەواڵنێری (فارس) کە ئاژانسی هەواڵی وڵاتی ئێرانە بڵاوی کردۆتەوە کە **محەمەد ڕەزا شەجریان** ، گۆرانی بێژی ناودارو ناسراوی جیهان بۆ بەڕێوەبردنی کۆنسێرتەکانی بەنیازە سەردانی کوردستان بکات و لە شاری سلێمانیدا کۆنسێرت پێکبهێنێ.

هەر بە گوێرەی زانیاریەکانی ئەو هەواڵنێریە، لەوانەیە لە مانگی داهاتوودا محەمەد ڕەزا شەجریان لەگەڵ گروپی مۆزیکی "**ئاوا**" کە لە ژەنیاران: مەجید درەخشانی، سەعید فەرەج پورری، حەسەن ڕەزایی نیا و حسێن بهرۆزی نیا پێکهاتووە، بچێت بۆ سلێمانی و لە دووبەش دا بەرنامەی خۆی بەرێوە دەبات.

هەواڵەکە ئاشکری نەکردووە کە ئایا شەجەریان لەسەر داوای لایەنی فەرمی پارێزگاری سلێمانی یان حکومەتی هەرێمەوە بانگهێشت کراوە، یان نا! تەنیا ئاماژەی بەوە داوە کە بەنیازە لە شاری سلێمانی کۆنسێرت ساز بکات.

جێگەی ئاماژە کە هونەرمەند شەجەریان لەنێو کوردانی باشووری کوردستاندا هەواداری زۆری هەیەو خەڵکێکی زۆر حەز بە دەنگی دەکەن و هۆگری دەنگ و ئاوازی ئەون، ئەویش ئەو راستیە دەزانێ، بەوهۆیەشەوە ئامادەیی خۆی پیشانداوە تا سەردانی باشووری کوردستان بکات و لە نزیکەوە بۆ هەوادارانی خوێ بستریێ.

شەجەریان لە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپادا کۆنسێرتی پێکهێناوە، بەڵام ئەمە یەکەمین جارە کە بیەوێ کە سەردانی کوردستان بکا

# ژیلەمۆ لە کەناڵی ئاسمانی کوردسات پەخش دەکرێ

سەرچاوەیەکی نزیک لە هونەرمەند بەکر ڕەشید ئاشکرای کردووە کە زنجیرە درامای **ژیلەمۆ** بەرەو تەواو بوون دەچێ و لە داهاتوویێکی نزیکدا لە کەناڵی ئاسمانی کوردسات پەخش دەکرێ.

زنجیرە درامای ژیلەمۆ لە لەسیناریۆی هونەرمەند کاوە ئەحمەد میرزا و لەدەرهێنانی هونەرمەند بەکر ڕەشیدە. لە زنجیرە درامای ژیلەمۆدا کۆمەڵێک هونەرمەندی ناوداری کورد بەشداری تیادا دەکەن، بەتایبەتیش مامۆستای هونەرمەند ئەنوەر قەرەداغی مۆزیکی پێشەکی و کۆتایی دراماکەی ئامادەکردووە ، هۆنراوەی گۆرانیەکەش لە تێکستی هۆزانڤان محەمەد کەساس و بەدەنگی هونەرمەند ڕێناس وریا و کۆرس تۆمارکراوە .

جێگەی ئاماژەیە کە کۆمپانیای (خاوێ فیلم) ئەم زنجیرە درامایەی بەرهەم هێناوەو کەناڵی تەلەفزیۆنی کوردساتیش بۆندەی لەگەڵ بەستوون تا بۆ یەکەمین جار پەخشی بکات.

لە ماوەی تەمەنی خۆیدا کوردسات چەند درامای سەرکەوتووی پێشکەش بە بینەران کردووە، بەوهۆیەشەوە هەوادارو بینەری زۆری بۆ خۆی پەیداکردوە.

**سەفین**

# گۆرانی دایکانی دیکە لە ئەڵمانیا پێشکەش دەکرێ

سەرچاوەیەک لە شاری میونشنی ئەڵمانیەوە بە هەفتەنامەی رۆژی گەلی راگەیاند کە رۆژی ٥-٧-٢٠٠٨ شانۆگەری گۆرانی دایکانی دیکە پێشکەشکرا.

شانۆگەری گۆرانی دایکانی دیکە لە دەرهێنانی هاورێ زەنگەنەیەو چەند هونەرمەندێکی بەتوانا بەشداری تێدا دەکەن، بۆ یەکەم جار لە شاری میونشنی ئەڵمانیا پێشکەش بە ئەویندارانی شانۆ دەکرێ.

شانۆگەری گۆرانی دایکانی دیکە پێمان دەڵێ کە لە رەوشی ئاسایی و ژیانی ئاشتیدا چۆن باوکێکی ئەویندار هەموو شتێکی بۆ بەختەوەری لە جێگەی نەورۆزو بەهاردا ئامادەکردووە.

شانۆگەری پێشان دەدات کە ژیانی و گۆرانی بەهارو نەورۆزی خەڵکی هەڵەبجە دووچاری ژەهرباران و کۆمەڵ کوژی دەبێتەوە. دایکێک بەهۆی کیمیابارانەوە چاوەکانی کوێر دەبێ و نا بینا دەمێنێتەوە و بزر دەبێ، دواتر لەگەڵ دایکێکی ونبووی هیرۆشیمادا یەکتر دەبینن. ئیتر هەردووکیان بەیەکەوە باس لە دوارۆژی مرۆڤایەتی و بەرپرسارێتی نێودەوڵەتی دەکەن.

هەرچەند شانۆگەریەکە بە زمانی ئەڵمانی پێشکەش کرا، بەڵام مۆرکی کوردی خۆی پاراستبوو، ئێش و ئازارەکانی نەتەوەی کوردی پێشان دەداو مەبەستیشی ناساندنی کێشەی گەلی کوردستان بە جیهانیان بوو، تا رادەیەکی زۆریش تێیدا سەرکەوتوو بوو.

جێگەی ئاماژەیە کە شانۆگەریەکە لە کاتژمێر ١٩.٣٠ی رۆژی شەممە ٥-٧-٢٠٠٨ پێشکەش کرا و خەڵکێکی زۆر ئامادە ببوون.

دەکرێ بڵێین کە لە دوای رووخانی رژێمی سەدامەوە هونەرمەندانی کورد دەستکراوەتر هەوڵی پێشکەشکردنی بەرهەمەکانیان دەدەن، بەتایبەتیش لە ولاتی ئەڵمانیادا، وەک دەگوترێ کە خۆشەویستێکی شاراوە لە نیوان گەلی کوردو ئەڵماندا هەیە، هەندێک ئەو خۆشەویستیە بۆ ئەو پێوەندیە دەگێڕنەوە کە سەرکردەکانی ئەڵمانیا لە سەردەمی دوەمین شەڕی جیهاندا لەگەڵ رەمزی نافیع دا دروستیان کردبوو،

**شنۆ**

# لە ١٠ خولەکدا ٥٩ سەندەویچ دەخوات



ئەمساڵ لە کێبەرکێی خواردنی سەندەویچ کە لە ئەمریکا بەرێوەچوو کەسێک بەناوی ( Joey Chestnut ) تێیدا سوود مەندبوو.

کێبەرکێی خواردنی سەندەویچی سۆسدار لە رۆژی ٤-٧-٢٠٠٨ بەبۆنەی ساڵیادی سەربەخۆیی ئەمریکا پێکهات، بەخت یاوەری جۆی بوو، توانی لەماوەی تەنیا دە خولەکدا پەنجاو نۆ سەندەویچی سۆسدار بخوات و ژمارەی پێوانەیی تۆمار بکات و پێشبڕکێکە بباتەوە.

جێگەی ئاماژەیە کە جۆی تەمەنی ٢٤ ساڵەو کێشی ١٠٢ کیلۆگرامە، لە خواردندا زۆر خێراو پرخۆرە، بەوهۆیەشەوە کێبەرکێکەی مسۆگەرکرد و پەنجاو نۆ سەندەویچی خوارد.

پێشبڕکێی سەندەویچ خواردن لە ساڵی ١٩١٦ەوە دەستی پێکردووە، ساڵانە لە شارەوانی جۆنی ئسیلاند کە سەر بە هەرێمی نیۆیۆرکە بەرێوەدەچی و خەڵکێکی زۆر تێیدا بەشدار دەبن، ئەمەش تەنیا بەمەبەستی خۆشی و کات بەسەر بردن ئەنجام دەرێ. بەوبۆنەیەوە ئێمەش دەڵێین نۆشی گیان، بەڵام بەزەییت بە گەدەتدا بێتەوە **جۆی**.

# پیاوە باردارەکە هاوسەرەکەی بەختەوەر دەکات و کچێکی دەبێ



رۆژی ٤-٧-٢٠٠٨ ئاژانسەکانی هەواڵ بڵاویان کردەوە کە ئەو پیاوەی باردار بوو لە نەخۆشخانەیەکی وڵاتی ئەمریکادا کچێکی بووە.

**تۆماس بیئاتێ** ئەو پیاوەی کە جیهاندا وەک پیاوی باردار ناوبانگی دەرکردو جیهانیانی سەرسام کرد، سەرەنجام دوای نۆ مانگ و نۆ رۆژ کچێکی هێنا ژیان، بەمەش پێوەری شکاندو لە شتە سەیرو نایابەکاندا ناوی خۆی تۆمار کرد.

وەک پێشتر بڵاومان کردبۆوە کە ئەو پیاوە لەبنەڕەتدا ژن بووە، بەڵام ١٠ ساڵ لەمەوبەر رەگەزی خۆی بۆ پیاو گۆڕی بوو، بەڵام هێلکەدانی دەرنەهێنابوو، بەوهۆیەشەوە بەرهەمهێنانی منداڵ کارێکی زەحمەت نەبوو، وەک خۆت گوتەنی بۆ بەختەوەرکردنی ژنەکەی کەنەخۆشی هەیەو منداڵی نابێ، ئەو هەنگاوەی هەڵگرتۆتەوەو جیهانیانی سەرسام کردووە.

جێگەی ئاماژەیە کە تۆماس بە سپێرمی پیاوێکی نادیارەوە خۆی باردار کردبوو، سەرەتا خۆی ئاشکرا نەکرد، بەڵام دوای تێپەڕبوونی هەشت حەوتوو، دراوسێکانی هەستیان پێکردو ئەویش بارداربوونی خۆی ئاشکراکرد، لەو کاتەوە تا ئێستا سەرچاوەکانی هەواڵ بە وردیەوە چاودێری دەکەن و لەهەوڵی ئەوەدابوون کە بزانن ئایا منداڵەکەی دەبێ یان بەر لە بوون لەباردەچێ و دەمرێ.

**لەیلا کۆچەر**

## ژووانگە

### چەند دڵۆپێک!

### چوارەم: میوان و خانەخوێ

دوای رووخاندنی گوندەکانی کوردستان لەلایەن سوپای عێراق و راگوێزانی دانیشتووانی ئەو گوندانە بۆ ئۆردوگە زۆرەملێکان، دائیرەی ئەمن لە شارەکاندا داوای لە موختارەکان دەکرد کە دەبێ ئەوانەی میوانیان دێ، بناسرێن، بزاندرێ لە کوێوە هاتوون و چەند دەمێننەوە. لەم رێگەیەوە حزبی بەعس دەیویست پێشگیری لە هاتنی دانیشتووانی ئۆردوگە زۆرەملێکان بۆ شارەکان بکات، هەروەها مەبەستی بوو سۆراخی پێشمەرگە بکات کە بۆ ئەنجامدانی چالاکی دێنە شارەکانەوە.

ئەو سیاسەتەی بەعس تا بڵێی نامرۆڤانەو بێزراوبوو، حزبە سیاسیەکانی کوردستان و بنەماڵەی پێشمەرگە زۆر پێی نیگەران و هەراسان ببوون، بەوهۆیەوە ئاواتەخواز بوون زوو بەعس بروخێ و بەڵای هاتنی میوان لە کۆڵ بێتەوە، بەڵام ئێستا ٥ ساڵ لە دوای رووخانی بەعس هەمان سیاسەت لە شارەکانی عێراق جێبەجێ دەکرێ. بەرێوەبەرێتی ئاسایش شارەکانی موسڵ، بەغداد، بەسرەو کەرکوک زۆر شێلگیرانە بەدوای ناسنامەی میوان و خانەخوێ دەگەڕێن، ئەم ئیجرائاتەش لەژێر پاساوی رێگرتن لە هاتنی تیرۆریستانەوە بەرێوەدەچێ.

رۆژی ١٣-٥-٢٠٠٨ عەمید خەتاب عومەر بەرێوەبەری پۆلیسی فریاکەوتنی کەرکوک بە ماڵپەری سبەی راگەیاندبوو کە:' بەهۆی ئەو هەڵمەتە سەربازییانەی ئەنجام دەدرێت بۆسەر تیرۆرستان لە شاری موسڵ و تکریت و زۆر شوێنی تر، ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی ئەو ناوچانە روو لە شاری کەرکوک دەکەن، هەر بۆیە ئێمەش لەبەر پاراستنی ئاسایشی شارەکە دەبێت لێکۆڵینەوە لەگەڵ سەرجەم ئەو کەسانە ئەنجام بدەین کە لەو ناوچانەوە دێنە شاری کەرکوکەوە. ناوبراو وتیشی: ئێمە ئاگاداری سەرجەم ئەو ماڵانە دەکەینەوە کە خزم کەس و کارییان لەو ناوچانە دێت بۆ لایان دەبێت پۆلیسی کەرکوک ئاگادار بکەنەوە، بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئەو کەسانەدا بکرێت کە هاتوون ئەگەر سەر بەگروپە تیرۆرستییەکان نەبن ئەوا رێگەیان پێ دەدرێت کە لە شاری کەرکوک بمێننەوە، ئەوەی سەر بەو گروپانەش بن ئەوا دەستگیر دەکرێن'

دوای گرژی و توندوتیژیەکانی شارەکانی عێراق، ژمارەیەکی زۆر خێزانی عەرەب روویان لە شارەکانی هەولێرو سلێمانی و دهۆک کرد، بەرێوەبەرێتی ئاسایش هەمان هەنگاوی هەڵگرتەوە، لێپرسینەوەی لەگەڵ ئەوانە دەکرد کە دانیشتووی شارەکانی عێراق بوون و روویان لە کوردستان دەکرد، تەنانەت کەفیلیان لێوەردەگیرا، هەندێکجار دانیشتووانی شارەکانی کوردستان ناچار دەبوون کە خۆیان بچن میوانەکانیان لە بازگەکان وەربگرن و کەفالەتیان بکەن. تەنانەت لە سەردەمی شەڕی نێوان هەردوولایەنە زلهێزەکەی کوردستان هەمان لێپرسینەوە لەگەڵ میوانەکان دەکرا، ئەوانەی دەچوونە هوتێلەکانیش دەبوایە بچن رەزامەندی ئاسایش بهێنن. لەسەرەتای ساڵی ١٩٩٦ من و چەند هەڤاڵێک سەردانی شاری سلێمانیمان کرد، لە شوێنێک بەنهێنێ لەگەڵ هەڤالانی حزب کۆبووینەوە، بەڵام نەمانتوانی شەو لەماڵی هیچ هەڤاڵ و دۆست و ناسیاوێک بمێنینەوە، چونکە دوای لێپرسینەوەیان لەگەڵدا دەکرا، بۆیە چووینە هوتێل چراخان و ژوورێکمان گرت، هەرچەندە زۆر جاری دیکەش لەو هوتێلە مابووینەوەو کابرا ئێمەی دەناسی، بەڵام بە قسەیەکی خۆش تێیگەیاندین کە دەبێ بچین رەزامەندی ئاسایش بهێنین، دەنا ئەو رووبەڕووی لێپرسینەوە دەبێتەوە!

بێگومان ئەو ئیجرائاتەی کە دەزگە سەرکوتکاریەکانی بەعس لەگەڵ میوان و خانەخوێ دەیانکرد، نارەوا بوون، ئەوێ رۆژێ هەموومان پێی هەراسان و نیگەران بووین، لە راگەیاندنەکاندا لە قاومان دەدا و بە سیاسەتێکی دژە مرۆڤایەتی و نیشتمانیمان دادەنا، بەڵام سەبارەت بە دووپاتبوونەوەی هەمان ئیجرائات لەسەردەمی حوکمی نیشتمانی و خۆماڵی دەبێ چی بڵێین؟!!

**رێکار ئەحمەد**

rekarahmed@hotmail.com

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com